# خـــــــــالْ

## هۆنراوەی شالاو

ئەی خاڵی نووستووی سەرگۆنا
لەوەتەی هەم
هەر دەتبنم
جار جار بچووک جار جار مەزن
دێیتە بەر چاو
ئەڵێی کۆترێکی دەستەمۆی
منداڵ باڵیان دەرکێشاوی
یاخود لەسورشت یاخی بووی
شەڕتەلەگەڵ تیشکی هەتاو
کەی ڕەوایە
تەنها بۆ تۆ
بە درێژایی ئەو رۆژگارە
میوانی تاقە کەسێکی
لەولاشەوە
چەندین ساڵە
هەوار هەوار بەدوایەوە بارگەم پێیە
تامیوانی بم شەوێکی
*****